ئەگەر ئیمام وتنی (ئامین)؛ ئەوا ئێمەش بڵێن (ئامین)، هەرکەسێک وتنی (ئامین)ەکەی لەگەڵ وتنی (ئامین)ی فریشتەکان بێت؛ ئەوا خوای گەورە لە هەموو تاوانەکانی پێشووی خۆش دەبێت

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر ئیمام وتنی (ئامین)؛ ئەوا ئێمەش بڵێن (ئامین)، هەرکەسێک وتنی (ئامین)ەکەی لەگەڵ وتنی (ئامین)ی فریشتەکان بێت؛ ئەوا خوای گەورە لە هەموو تاوانەکانی پێشووی خۆش دەبێت».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی پێمان کردووە کە بڵێین (ئامین) ئەگەر ئیمام ووتی: (ئامین)، چونکە ئەوە ساتی وتنی (ئامین)ی فریشتەکانە، بۆیە هەرکەسێک وتنەکەی لەگەڵ وتنی فریشتەکان بێت، ئەوا خوای گەورە لە هەموو تاوانەکانی پێشووی خۆش دەبێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5844